# ئیبراهیم جەعفەری و شەرحی دڵ !

ڕزگار عومەر
rezgar70ca@yahoo.com



نزیکەی پێنج سەد ساڵێك لەمەوبەر ، مەکیاڤێللی لە بارەی دوو ڕوویی لە هەڵوێست و لە سیاسەتکردنا ، لە نێوەندەکانی ئەو سەردەمەی لێ ی دەژیا ، شەرحی ئەو سەردەم و شەرحی ئەندێشەکانی خۆی بەو جۆرە دەکرد :-

(( من زۆر دەمێکە ئەوەی بیری لێدەکەمەوە نایڵێم و ئەوەشی دەیڵێم بە هیچ کلۆجێك بیری لێ ناکەمەوە .خۆ ئەگەر جارێکیان ڕووی دا کە ناچار بم هەق بڵێم ، ئەوا بە کلافەیەك درۆ و دەلەسە دەوری دەتەنم کە زەفەر پێ کردنی ئاسان نەبێ ))

ئیبراهیم جەعفەری ، ڕەنگە لە بەر زۆر هۆ مەکیاڤێللی نەخوێندبێتەوە ، بەڵام دوێنێ 2005/5/17 پێش ئەوەی بچێ بۆ تورکیا لە سەر هەمان ڕیتم ، بە چەند دەستکاریەك کە زەرورەتی زەمانە فەرزی کردووە ، بۆ میدیای تورکی بە هەمان شێوە شەرحی دڵی خۆی کرد ، ئەو ویستی بە پێ ی پێویستیەکانی ستایلی دیبلۆماسی ئەم سەردەمە ، پێش سەفەر چەند تەسریحاتێك بکا بە دیاری بۆ تورکیا ، بێ ئەوەی بیری لە وە کردبێتەوە کە ئەم شتانەی ئەو دەیڵێ ، لەو بترازێ کەسێك نیە بڕوای پێ هەبێ ، بە تایبەتی ئەو قسانەی ئەو لە کوردستان بە کوردیەکی زۆر سادەو ڕەوان پێ ی دەڵێن درۆ ، درۆیەك کە لە دەسەلاتی هەڵپەرستانەی ئەودا ، بۆ ئەمڕۆ تەنیا دەتوانێ لە شێوەی درۆ ، شەرحی نیازێکی سیاسی و پڕۆژەیەکی تەئجیل کراو بکا ، ئەو پێش ئەوەی بچێ بۆ تورکیا ووتی : (( وەك چۆن تورکیا دەست لە کاروباری ئێمە وەرنادا ، ئاوا ئێمەش دەست لە کاروباری ئەوان وەرنادەین ، قبوڵ ناکەین لە سەر خاکی عێراقەوە هەڕەشە لە تورکیا بکرێت ، تورکیا لەو بوارەوە هەر شتێکی بوێت ، دەرگامان والایە )) !!!

جەعفەری لەم قسەیەدا ، ئیسپاتی دەکا کە هەڵپەرستی لە سیاسەتی کۆنە پەرستانە نە سنووری هەیە نە ڕووی هەیە ، چونکە تورکیا قەت چاوەڕێ ی ئەوە نەبووە ، یەکێك گڵۆپی سەوز یان دەرگای بۆ بکاتەوە ، تورکیا هەڕەشە لە ئەفسانەی (ئەمنی قەومی ) خۆیدا لە زۆر شتا دەبینێتەوە ، تەنانەت جاری وا هەیە لە ڕێگای میدیاوە دەیکا بە فۆبیایەکی سیاسی گەورە ، دەیکا بە کاریکاتۆرێك لە دەست بەرنەدان لە لۆژیکی ژەنگ گرتووی سەربازی ، بۆ نموونە تێك دانی کۆنە قەلایەکی سەردەمی عوسمانی لە بیابەنەکانی سعودیە ، دەبێ چ هەڕەشەیەك لە سەر ئاسایشی تورکیا دابنێ ؟ کە وا لە کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەیان و سەفارەتەکەیان بکات ، فشار بخەنە سەر شارەوانی ئەو وولاتە کە نابێ ئەم قەلایە تێك بدرێ ، ئەم قەلایە مومتەلەکاتی دەوڵەتی تورکیایە !

لە ساڵی 1983 ڕژێمی بەعس لە گەڵ وەفدی یەکێتی لە بەغدا خەریکی سەروبەندی مۆرکردنی ڕێکەوتنامەیەك بوون ، هەر لە هەمان کاتا وەفدێکی تورکیا دەگاتە بەغدا و هەڕەشە لە حکومەتی عێراقی دەکەن کە پێك هاتن لە گەڵ کورد ، ئەنجامەکەی داخستنی سنوور دەبێ بە ڕووی عێراقدا بە تایبەتی ناردنە دەرەوەی نەوت ، ئەم دەست تێوەردانە چەندە ڕۆڵی هەبووە لە فەشەل پێ هێنانی ئەم گفتوگۆیە ئەمە خۆی باسێکی ترە ، بەڵام قسە لە سەر دەست تێوەردانە ! ، یەکەم دەست تێوەردان ی فراوان ی میلیتاریزمی تورکیا لە مێژووی تازەدا ، پێش ئەوەی دژ بە کورد بیکا ، دژ بەگەلی تورکیا کردی ، لە سەرەتای هەشتاکان گەورەترین بەرەی عیلمانی و چەپ بە هەموو کەم کوڕە سیاسی و ئایدەلۆژیەکانیان دەسەڵاتی سیاسیان بە دەستەوە گرت لە تورکیا ، بەلام سوپا کۆدەتای کردو هەزارن کەس تیرۆر کران ، هەزاران چەپ و پێشکەوتنخوازی ئەم وولاتە

بێ سەرو شوێن کران ، ئێستاش لە سەر جادەی ( taksim pasha ) ی شاری ئەستەمبوڵ ، چەند هەنگاوێك دوور لە پەیکەرێکی بەرزی ئەتاتورك ، دایکانی کەس و کارە بێ سەرو شوێن کراوەکانی ئەو سەردەمە ، لە سەر هەر جارێکی یاد کرنەوەی ئەو کەسانە ، لە سەر گوڵ ڕێژ کردنی چوار دەوری میتینگە ئاشکراکانی خۆیان دەدرێنە بەر شەق و کێبلی پۆلیس ، ئەگەر قسە لە سەر دەست تێوەردانی کوردستانیشە ، تورکیا تا ئێستاش فڕۆکەخانەی (بامەڕنی) کوردستانی داگیر کردووەو لە وێوە ، کۆپتەرەکانی دەنێرێتە سەر قەندیل و لە جیاتی شەڕ لە گەڵ (پ.ك.ك) جارێ کاروانچی ، جارێ بە یارمەتی جاشەکانی ئەودیو ، ئەو پۆلە گەنجانە دەگرن و گوللە بارانیان دەکەن کە لە کوردستانەوە دەیانەوێ سنورو سنور و بگەن بە یۆنان ،جارێ کۆچەرەکانی بناری قەندیل کە وەکو سروشتێکی ژیانی خۆیان دەبێ بپەڕنەوە بۆ کوێستان ، بۆردوومان دەکا !

تورکیا دەیویست و ئێستاش هەر دەیەوێ لە ڕێگای چەند حیزبێکی تورکمانی دەستی خۆی لە کاروباری کوردستان ، لە کاروباری عێراق وەربدا ، هەردوو حیزبی دەسەڵاتداریش ( پارتی و یەکێتی ) لە دەیەی نەوەدەکان لە پێشبڕکێ دابوون بۆ ئاسان کردنی دەیان دەست تێوەردانی سەربازی و سیاسی تورکیا لە ناوچەکە ، بەڵام ئێستا هاوکێشە سیاسیەکان گۆڕاوە ، بەرژوەندیەکان لێك دوور کەوتۆتەوە ، کە وا لە تورکیا دەکا دژ بە خواستەکانی خەلکی کوردستان لە( تەلەعفەر) لە ڕێگای تورکمانە سونیەکان چاوی لە وەهابیەکان بێ ، لە کەرکوکیش لە ڕێگەی تورکمانە شیعەکان دەست بخاتە دەستی موقتەدا سەدر . هەمیشە تورکیا ، بە هاوبەشی لە گەڵ دەوڵەتانی دراوسێ هەڕەشە بووە لە سەر کوردستان و لە سەر ئارام بوونەوەی ئاسایش لە عێراق ، بە پێچەوانەی ئەم تەسریحاتە فریوانەی جەعفەری ، حکومەتەکانی عێراق و تورکیا خەریکی دەست تێوەردانی سیاسی بوونە لە کاروباری یەکتر ، هەر جارێك خەباتی سیاسی لە کوردستان بەرەو پێش چووبێ بە تایبەتی لە کاتی توند بوونەوەی ئەندێشەو پڕۆژەی جیابوونەوەکان ، ئەم حکومەتانە لە بەرامبەریدا تەنزیمی دەست تێوەردانەکانی خۆیان کردووەو گەیاندویانە بە ئاستی ڕێکەوتنامە ، وەکو ئەو ڕێکەوتنامەیەی هەردوو حکومەت لە سەردەمی بەعسدا ، کە بە پێ ی ئەو ڕێکەوتنامەیە هەردوو سوپای عێراق و تورکیا ، بە قوڵایی 10 کیلۆمەتر بۆیان هەبوو لە خاکی یەکتر ڕاوی هاوڵاتی یەکانی خۆیان بکەن !

بەڵام ، جەعفەری بە چ نیازێ پاکانە بۆ تورکیا دەکا ؟ ڕاستیەکەی جەعفەری پاکانە بۆ تورکیا ناکا ، بە قەدەر ئەوەی شەرحی پڕۆژەی خۆی دەکا بۆ ئایندەی کوردستان ، پەیامی نەوتراوی ئەو ، ئەوەیە لە مەودوا کرانەوەی دەرگای سنوور ، گڵۆپی سەوزو ترافیکی بەرژەوەندە هاوبەشەکان ، نەك تەنیا بە قوڵایی 10 کیلۆمەتر بەڵکو بە واڵا کردنی تەواوی دەرگا سەر لە نوێ لە بەغداوە دەست پێ دەکا ، ئەو ناچارە بەو جۆرە شەرحی دڵ بکا ، چونکە ئەو دەیەوێ دەست بردن بۆ پڕۆژەی خۆی بۆ ئەم وەزعەی کوردستان تا ڕۆژی حازربوونی خۆی ، لە دەرگای دواوە لە ڕێگای تورکیاوە دەست پێ بکا ،جەعفەری بەم کارەی لە پاڵ نامەی هەڕەشە تەنراوەکەی بە درۆ دەلەسە ، خزمەتی بە خەڵکی کوردستان کرد ، ئەو بێ ئەوەی حەز بکا خەڵکی کوردستان زەڕەیەك سوود لەو ببینن ، دوو دەرسی بچووکی سیاسی فێر کردین ، ئەو فێری کردین کە هەڵپەرستی سیاسەتمەداری کۆنەپەرست پەیوەندی بە خوێندنەوەی مەکیاڤێلیەوە نییە ، ئەو فێری کردین فاشیزم دەتوانێ هێلکە لە نێو کڵاوی میلتاریزم ، یان لە ژێر عەمامەی ئیسلامی سیاسی بتروکێنێ !